# کرپارەکانت
# زیادبکە

گەشتیار غەریب

**ناسنامەی کتێب**


- ناوی کتێب: کرپیارەکانت زیادبکە
- نووســـــین: گەشتیار غەریب
- تایپ و پێداچوونەوە: زانیار غەریب
- نەخشـاندنـی بـەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: دووەم
- ساڵی چـاپ: 2023
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نــرخ: ٤ هەزار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشـتیی کتێبخانە گشـتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٤٥)ی ساڵی (2023)ی پێدراوە.
- لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی (کارسازی شادمان).
- کتێبی ژمارە (٩).

# چۆن کڕیارێک دروستبکەین ڕیکلاممان بۆ بکات؟

بۆ داواکردنی ئەم کتێبە: لێرە کلیک بکەن

بەهـــای ئەم کتێـــبە زۆر زیـــاترە لەو نـــرخە کەمەی هەیەتـــی، چونکە زانیارییەکانی وەک گەوهەر و ئەڵماسن.

**هاوکار مەلا عومەر- هەرزانبازاڕی سەرکەپکان- سلێمانی**

ئەم کتێـــبە تـــا کۆتـــایی بخـــوێننەوە، هەمـــوو پەڕەکـــانی تایبەتن و هیچ پەڕەیەکی زیادە نییە.

**ئەوین نەجات- پەرستاری گشتی- ڕانیە**

ئەم کتێبە بژاردەیەکی نـاوازەیە بۆ فرۆشـــیـارەکـان، چونکە وانەکانی لە نموونەی ڕاستییەوە وەرگیراون.

**محەممەد سیروان- خوێندکار- سلێمانی**

ئەم کتێبە وەک ئەوەیە کات بکڕیت، چونکە ئەگەر کاتێکی زۆریش تەرخـان بکەیـت بۆ خوێنـدنەوەی کتێبە جیهـانییەکـان، لە کۆتـاییـدا دەگەیت بەو شتەی لەم کتێبەدا هەیە.

**محەممەد جەمال- بەڕێوەبەری براندی ئۆنلاینی سم سم- هەولێر**

ئەم کتێبە پێمان دەڵێت: تەنها کواڵیتی گرنگ نییە، بەڵکو دەبێت دۆخێکی ئـارام بۆ کڕیـارەکە دروســـتبکەین و لە هەڵبژاردنی کاڵاکەدا هاوکاریی بکەین.

**ساکار محەمەد- بزنسی ئۆنلاین- سلێمانی**

ئەگەر فرۆشیاریت پێویستە ئەم کتێبە بخوێنیتەوە، چونکە گۆڕانکاری زۆر باش لە بزنسەکەتدا دروستدەکات.

**کەمال کوردی- ڕاوێکار و ڕاهێنەر لە بەڕێوەبردندا- سلێمانی**

ئەم کتێبە بۆ خەڵکی گشتی نووسراوە، زمانێکی سادەی هەیە، وشە و گرێی قورسی تێدا نییە.

**نازە کەمال- خوێندکار- هەولێر**

ئەم کتێبە هاوکاریت دەکات کاڵاکانت بە ئاسانی ساغبکەیتەوە. من سوودم لێبینیوە و پێشنیاردەکەم ئێوەیش بیخوێننەوە.

**سەردار سەعید- پۆشاکی پاڤیان- سلێمانی**

ناکرێت فرۆشیار بیت و خۆت بە ژمارەیەکی گەورە بزانیت، بەبێ خوێندنەوەی ئەم کتێبە. ئەم کتێبە بخوێننەوە تا بەهێزبن.

**ڕزگار عەرەب کەریم- بۆنفرۆش- قەزای بەردەش**

شێوازی نووسینی کتێبەکە لە مێشکدا دەبێت بە وێنە. تەنها نووسینێکی جدی نییە کە نەکرێت جێبەجێبکرێت، بەڵکو سادەیە و شایانی جێبەجێکردنە.

**دەشنێ عومەر- خاوەنکاری سەربەخۆ- سلێمانی**

# ئەزموونی ناخۆشی کڕین

هەرگیـز ڕێکەوتـووە بـۆ نـانخواردن بچیـتە چێشـتخانەیەک کە خـــواردنەکەی زۆر خۆشـــبووبێت، بەڵام کە هـــاتبیتە دەر بڕیارت دابێت جارێکی تر نەچیتەوە بۆ ئەو شوێنە؟

- ✓ هۆی ئەمە چییە؟

هۆکـــــارەکەی ئەوەیە لەو شـــــوێنەدا ئەزمـــــوونێکی (نـــاخۆش)ت بـــۆ دروســـتبووە. ئەمەیـــش وادەکـــات پێـــت باشبێت جارێکی تر سەردانی ئەو شوێنە نەکەیتەوە.

دەکرێـت شـاگردێکیان کـارێکی خراپـی کردبێـت، دەکرێـت خواردنەکەیـــان درەنـــگ پێشـــکەش کردبێـــت، یـــان هەســـتت کردبێت خواردنگەکەیان پاکوخاوێن نییە.

- ☺ نموونە:

مـــــاوەی ٢ ســـــاڵ بـــــوو لە ســـــلێمانی ســـــەردانی چێشـــــتخانەیەکم دەکـــــرد. لەم ٢ ســـــاڵەدا هەمیشـــــە دڵخۆشـــــبووم، چـــــونکە تـــــامی خواردنیـــــان خۆشـــــبوو، شوێنەکەیشیان ئارام و بێدەنگبوو.

جارێـــک لەگەڵ هاوڕێیەکمـــدا ســـەردانم کـــردن. لە قـــاتی ســـــەرەوە تەنهـــا مـــن و ئەو هەبـــووین و کەســـی تـــر لەوێ

نەبــوو. دەنگــی تەلەفزیۆنەکەیــان کەمێــک بەرزبــوو. هەســتام و تەلەفزیۆنەکەم بێدەنگکرد.

ئەو شــاگردەی هــات بڵێــت: (چــی دەخــۆن؟) وتــی: "ئەوە تەلەفزیۆنەکە بۆچی بێدەنگبووە؟"

وتم: "من بێدەنگم کرد، چونکە قسەدەکەین."

وتـــــی: "نابێـــــت! دووبـــــارە دەنگـــــی تەلەفزیـــــۆنەکەی بەرزکردەوە.

لەســـەر ئەو ڕەفتـــارەی نوانـــدی، بڕیارمـــدا تـــا کۆتـــایی تەمەنم سەردانیان نەکەمەوە.

چــونکە بــاوەڕم وایە: نابێــت پــارەی گیرفــانی مــن بچێــت بۆ بزنسێک کە نەتوانێت خزمەتی کڕیارەکانی خۆی بکات.

ئەوان تــامی خواردنەکەیشــیان خۆشــبوو، زۆریــش لێیــان ڕازیبــووم. بەڵام چەنــد ســاڵێکە ســەردانم نەکــردوون و تــا کۆتایی تەمەنیشم، سەردانیان ناکەم.

ڕەنگە خاوەنی چێشتخانەکە وابیربکاتەوە:

مــادام تــامی خــواردنەکەم خۆشــە و نرخیشــم باشــە، کەوایە لە ڕکابەرەکانم سەرکەوتووتر دەبم!

## کواڵیتی باش هەموو شتێک نییە

ئەو چێشـــتخانەیە، ئەگەرچـــی خواردنەکەیـــان(بەرهەمەکە) باشـــە و دەکرێـــت کڕیـــارێکی وەک مـــن (تامەکەیشـــی) بە دڵبێت، بەڵام نەیەوێت سەردانی بکاتەوە.

ئەمەیش واتا:

ئەو کەســـانە لە هەڵەدان کە وابیـــردەکەنەوە بە تەنهـــا کواڵیتی باش وادەکات لە خەڵک بێن و کڕینت لێبکەن.

🔔 ئاگاداربە:

ئـــێمە نـــاڵێین: ئەگەر کواڵیتیـــت خراپبێـــت، گەشـــەدەکەیت، بەڵکو دەڵێین:

کـــــوالیتی بـــــاش بەتەنهـــــا، واناکـــــات لە بزنســـــدا سەرکەوتووبیت، بەڵکو شتی تریش زۆرن!

# کڕیارەکان هەستیارن

ئەمڕۆ کڕیارەکان زۆر لە پێشتر هەستیارترن!

ئەگەر خزمەتێکی باش پێشکەشی کڕیارەکانت نەکەیت، ئەوا بە هیچ جۆرێک ئامادەنین پارەت بدەنێ.

لە شاری سلێمانی لەگەڵ دۆستێکدا سەردانی خواردنگەیەکمان کرد کە لە ڕووی دەرەوە شوێنێکی زۆر باش و کواڵیتی بەرز دیاربوو.

کە چووینە ژوورەوە:

لە قاتی یەکەم (سێ) مێزمان بینی کە پێشتر خواردنی لەسەر خورابوو، ئەو کەسانەی نانەکەیان خواردبوو ڕۆیشتبوون، بەڵام هێشتا پاک نەکرابووەوە.

لە قاتی دووەمیش (دوو) مێزی ترمان بینی کە قاپ و کەوچک و شیشەکان لەسە مێزەکان مابوونەوە.

بەبێ ئەوەی دابنیشین، ڕاستەوخۆ چووینە دەر لە چێشتخانەکە و ڕۆشتین بۆ شوێنێکی تر.

ئێمە تەنانەت نەیشمانزانی تامی خواردنەکەیان و نرخەکانیان چۆنە!

تا ئێستایش سەردانی ئەو جێگەیەمان نەکردووەتەوە.

## کڕیارەکانت دەزگای ڕیکلامن!

دەمەوێت لەم پەڕانەی سەرەتای کتێبەکەدا نهێنییەکتان بۆ ئاشکرابکەم، کە وابکات ژمارەیەکی زۆر کڕیار لە دەوری بزنسەکەتان کۆبکەنەوە و بەردەوام لە گەشەکردندابن.

نهێنییەکەیش وەڵامی ئەم پرسیارەیە:

هەرزانترین ڕێگا کامەیە بۆ گۆڕینی کڕیار بە دەزگایەکی ڕیکلامی؟

✓ وەڵام:

دروستکردنی ئەزموونێکی چێژبەخش بۆ کڕیارەکان.

ئەگەر بتوانیت ئەزموونێکی چێژبەخش بۆ کڕیارەکانت دروستبکەیت، دوو شت ڕوودەدات.

یەکەم: خەڵک لە جاران زیاتر بەرهەمت لێدەکڕن.

دووەم: کڕیارەکانت دەچن ڕیکلامت بۆ دەکەن و خەڵکی تر دەنێرن تا بەرهەمت لێبکڕێت!

بەهێزترین ڕێگای ڕیکلام کامەیە؟

بەهێزترین ڕێگای ڕیکلام ئەوەیە کڕیارێکت بچێت لای کەسێکی تر باسی تۆ بکات.

## بیهێنە خەیاڵت:

ئایا زۆرینەی ئەو شتانەی کڕیوتن، لەبەرئەوە بووە کە ڕیکلامەکەیت لە ئینستاگرام بینیوە؟

بە دڵنیاییی هۆکارەکەی ئەوە نەبووە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەبووە کەسێکی تر وتوویەتی: فڵان شوێن کاڵاکانیان باشە، لێیان بکڕە.

## 🔔 نموونەیەکیتر:

بۆچی لە مۆبایلەکەتدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک (سناپچات، تیکتۆک، فەیسبووک یان ئینستاگرام)ت هەیە؟

ئایا بەهۆی ئەوەی لە تەلەفزیۆندا ڕیکلامیانت بینیوە، بڕیارتدا بەکاریان بهێنیت؟

بە ئەگەری زۆر دۆستێک لە شوێنێکدا پێی وتوویت دەتوانیت سوودیان لێببینیت، تۆیش بەم هۆیەوە بوویتە بەکارهێنەریان.

ئەوانــیش بەهــۆی تــۆوە پــارە لەو بزنســانە وەردەگــرن کە ڕیکلامیان تێدادەکەن.

☺ بۆ نموونە:

فەیســبووک بەبــێ ئەوەی لە تەلەفزیۆنەکانــدا ڕیکلامێکــی گەورەی بــۆ بکرێــت، لە (٢٠٢٣)دا ( نــزیکەی ٣ ملیــار) بەکارهێنەری چالاکی هەیە.

کۆمپانیــای مێتــا لە ســاڵی (٢٠٢٢) دا، تەنهــا لەو ڕیکلامــانەی کە تێیــداکراوە (١١٣ ملیــار دۆلار) داهــاتی بــۆ هاتووە.

## نموونە لەسەر ئەزموونی چێژبەخش:

لە هەموو بزسـێکدا کۆمەڵێک هۆکار وادەکەن کڕیارەکان چێژ لە کڕینەکەیان نەبینن و لە کاتی کڕینەکەیاندا ماندووببن.

بزنســـە بەهێزەکان بیردەکەنەوە: چی وادەکات کڕیارەکەم بە ئاسانی کڕینەکەی نەکات؟

هەوڵدەدەن ناڕەحەتییەکانی کڕیارەکەیان کەمتربکەنەوە، یان نەیان هلێن.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با باسی کێشەیەکی خەڵکی بکەین.

🔔 بۆ نموونە:

ئەگەر کەسێک بیەوێت تەکسی بگرێت و لە بازاڕەوە بچێتەوە بۆ ماڵەوە، چ کێشەیەکی هەیە؟

بە شێوەیەکی گشتی ئەم کێشانەی هەیە:

- دەستڕاگرتن لە تەکسی، هەموویان ناوەستن.
- دانووستان بۆ ئەوەی بە نرخێک ڕێبکەون.
- پێدانی ناونیشانی دروست بە شۆفێرەکە.
- هەندێک شـۆفێری تەکسـی قسـە زۆر دەکەن، سەرنشینەکە ئاسوودە نابێت.
- کە پارەکە دەدات، وردکردنەوەی پارەکە تا باقی پارەکە نەدات بە شۆفێرەکە!

وادابنێین کۆمپـانیـایەک دێت و ئەم کێشـــــانەی ســــەرەوە چارەسەردەکات، چی ڕوودەدات؟

بە دڵنیــایی خەڵکێکی زۆر دڵخۆشـــــــدەبن و ســــوود لە چارەسەرەکەی وەردەگرن، هەروەها لە شوێنی تر باسی دەکەن.

# کۆمپانیای ئوبەر

کۆمۆپانیایەک هەیە کە ئەو کێشەیەی سەرەوەی چارەسەرکردووە و خەڵکی لە کۆمەڵێک وڵاتی دنیادا بۆ گرتنی تەکسی بەکاری دەهێنن.

ئەم کۆمپانیایە ناوی (ئوبەر)ە. ئەپڵیکەیشنێکیان داناوە، لەسەر نەخشە شوێنی مەبەست دیاری دەکەیت، تەکسیەکە دێت بە دواتدا و دەتگەیەنێتە شوێنی مەبەست؛ بەبێ ئەوەی یەک وشە بڵێیت.

لەوێ دادەبەزیت. تەنانەت پارەکەیش لە ئەکاونتەکەتەوە دەدەیت و پێویست ناکات بە دەستی پارەی بدەیتێ.

ئەم کۆمپانیا ساڵی (٢٠٠٨) دامەزرا. دوای (١٥)ساڵ لە (٨٧) وڵاتی دنیادا لقیان هەیە و بەکاردەهێنرێت!

بە بڕوای تۆ (بەهۆی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی)ەوە، توانییان بگەنە (٨٧) وڵاتی دنیا؟

بە دڵنیایی نەخێر!

بەڵکو هۆکارەکە ئەوەبوو:

کاتێک بەکارهێنەرانیان دەگەشتنە شوێنی مەبەست، باسی ئەو ئەزموونەیان دەکرد.

# تەکسی ئینتەرنێتی

ســـاڵی (٢٠٢٠) دۆســـتێکم باســـی کۆمپانیایەکی کرد کە لە کوردستان هەمان کاردەکەن. لە جێی خۆتەوە شوێنی مەبەست دیاریدەکەیت و تەکسی دێتە دەرگاکە بە دواتدا.

دوای ئەوەی خۆم بەکارم هێنا، چەند جار لای خەڵکی وتوومە ئەو جۆرە تەکسییە بوونی هەیە و دەتوانن بەکاری بهێنن.

ئێســـتا کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، دەکرێت ئەو کۆمپانیایە بوونی نەمابێت، یان زۆریش گەشەیکردبێت.

ئێمە لەم کتێبەدا ئیشمان بەوەیە:

ئەم کۆمپانیا بە هۆی گۆڕینی ئەزموونی ناخۆشـــی ئەوانەی تەکسی دەگرن بۆ ئەزموونی خۆش، دروستبووە.

بە دڵنیایی ئێستا لە کوردستاندا کۆمەڵێک کۆمپانیای تر هەن کە بە هەمـان شـــێوە کـاری (تەکســـی ئینتەرنێتی) دەکەن. ڕکـابەریـدەکەن و کـامیـان ئەزموونێکی خۆشـــتر بۆ کڕیـار دروستبکات، سەرکەوتووتر دەبێت.

# مریشکی زیندوو

ئەگەر بە وردی بیربکەینەوە لەوەی کێشـــەی خەڵک چییە کاتێک (مریشـکی زیندوو) دەکڕن؟ کۆمەڵێک کێشـە دەدۆزینەوە کە وایان کردووە کڕینی مریشـکی زیندوو ناخۆش بێت. هەندێک لە کێشەکان ئەمانەی خوارەوەن:

- چاوەڕوانیکردن لە کاتی کڕینەکەدا، بۆ ئەوەی مریشکەکە سەرببڕدرێت و چاک بکرێت.
- مریشـکەکە بەتەڕی دەدرێتەوە دەسـتت و ئاوی لێدەچۆڕێت.
- پێش ئەوەی بیکەیتە مەنجەڵەکە، دەبێت جارێکی تر لەماڵەوە پاکی بکەیتەوە.
- هەندێک جار مریشـــکەکە پاکوخاوێن نییە و خوێنی پێوەیە.
- زۆر جار عەلاگەی دووەمیش هەر تەڕە و پاک نییە.

ئەگەر مریشـک فرۆشـێک بیر لەوە بکاتەوە ئەم کێشـەیە چارە بکات، چی ڕوودەدات؟

بە دڵنیـایی دەبێتە هۆی ئەوەی کڕیـارانێکی زۆر مریشـــکی لێبکڕن. بە دڵنیـایی بە کەســـە نزیکەکـانیـان دەڵێن و بەردەوام کڕیاری نوێ دەنێرن بۆ ئەم دووکانی مریشکە.

## مریشک کڕین هێندەی تەماتە کڕین ئاسان کراوە!

چەند ساڵێک پێشتر لە سلێمانی چوینە دوکانێک بۆ کڕینی مریشکێک، بە دابەزین و سواربوونەوەی ئۆتۆمبێلەکە کەمتر لە (سێ) خولەک کاتمان پێچوو.

دووکانەکە بەم جۆرە بوو:

کۆمەڵێک خانمی دەسترەنگین مریشکەکانیان پاکدەکرد، دواتر بەڕێگایەک مریشکەکە وشکدەکرایەوە، دەکرایە سەر سینییەک و بە شێوەیەکی زۆر جوان دەیانپێچایەوە.

سینیی مریشکەکان دەکرانە ناو سەلاجەیەکی ڕوونەوە و بە جۆرێک دادەنران وەک پاکەتی شیرینی وابوون.

دوکانەکەیان بە جۆرێک پاکوخاوێنبوو کە هەستت دەکرد لە دوکانێکی شیرینیی دایت!

چونکە مریشکەکان وەک سینی بچووکی شیرینی لەناو سەلاجەیەکی جواندا دانرابوون.

تەنها داوای دەکەیت و دەیدەنە دەستت. نرخیشیان وەک نرخی مریشکی دووکانەکانی تربوو!

به دڵنیـــایی دوای بیرکردنەوەیەکـــی زۆر گەیشـــتوونەتە ئەو ئەنجـــامەی پێویســـتە ئەم کێشـــانە چارەســـەربکەن، تـــا بتـــوانن لە ڕکـــابەریی بـــازاڕدا بێـــنە ســـەرەوە و فرۆشـــێکی باش دروستبکەن.

☆ پرسیارەکە ئەوەیە:

چـــۆن ئەم دوو بزنســـەی کوردســـتان توانیویـــانە ئەم ئەزموونە چێژبەخشە دروستبکەن؟

✓ وەڵام:

ئەم بزنسانە، بیریان کردووەتەوە:

ناخۆشـــترین هەســـت کە بـــۆ کڕیـــار دروســـتدەبێت چیـــیە؟
کاریان کردووە ئەو هەستە بگۆڕین بۆ هەستی خۆش!

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| بەشی یەکەم: سوودی ڕکابەری دیاریبکە | ٩ |
| بەشی دووەم: خاڵی پەیوەندیی کڕیار | ٣٣ |
| بەشی سێیەم: گۆڕینی بۆچوون | ٣٧ |
| بەشی چوارەم: خزمەتکردنی کڕیار | ٤١ |
| بەشی پێنجەم: پێشبینیکردن | ٤٥ |
| بەشی شەشەم: خێرایی | ٦٣ |
| بەشی حەوتەم: بەکەسییکردن | ٨١ |
| بەشی هەشتەم: کواڵیتی | ٩١ |
| بەشی نۆیەم: غافڵگیرکردنی کڕیارەکە | ٩٧ |
| بەشی دەیەم: پەیوەندیی دوای فرۆش | ١٠٣ |
| بەشی یانزەیەم: گۆڕینی ڕستەکان | ١١٣ |
| بەشی دوانزەیەم: کڕیاری ناڕازیی | ١٢٩ |
| بەشی سیانزەیەم: کڕیاری ڕیکلامکەر | ١٥١ |
| کـۆتـــایــی | ١٦١ |
| پــێڕســـت | ١٦٣ |
| سەرچاوەکان | ١٦٤ |
| بەرهەمەکانی پڕۆژەی کارسازی شادمان (کتێب) | ١٦٥ |

# سەرچاوەکان

- سەرەکیترین سەرچاوەی ئەم کتێبە خول و وێبینارەکانی (ژان بقوسیان)ن.
- گەڕان لە (یوتوب و گوگڵ)دا، بەتایبەت لە ئامادەکردنی نموونەکانی ناو کتێبەکەدا، سوودم لێ وەرگرتوون.
- کتێبەکانی برایان ترەیسی.
- ئەو ڕاوێژانەی هەمبووە بۆ فرۆشیاران.
- خوێندنەوە و ئەزموونی خۆم لە بواری فرۆشدا.

## بەرهەمەکانی گەشتیار غەریب

## لە پرۆژەی کارسازی شادمان (کتێب)

| شێواز | ناوی کتێب | ژ |
|---|---|---|
| وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە | شادمانی لە ناوچەرگەی سەختییەکاندا | ١ |
| وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە | دوای دڵت بکەوە | ٢ |
| ئامادەکردن | ڕێی ساماندارببوون | ٣ |
| ئامادەکردن | کاتت زیاد بکە | ٤ |
| ئامادەکردن | دەرمانی کاردواخستن | ٥ |
| ئامادەکردن | دەستکەوتت زیاد بکە | ٦ |
| وەرگێڕان لە فارسییەوە | بازارکاریی دەروونی | ٧ |
| نووسین | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | ٨ |
| نووسین | کڕیارەکانت زیاد بکە | ٩ |
| وەرگێڕان لە فارسییەوە | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | ١٠ |

بۆ داواکردنی کتێبەکان: لێرە کلیک بکەن